زایەڵەی پەیامێکی شێردڵ و مۆد

ئەمجەد شاکەلی

سالانیکی لەبەغدا بووم زۆرجاران بەو جادەیەی لەمەیدان (ساحە ئەلمەیدان) و(بابولموعەززەم) دەوە بەرەو وەزیرییە دەچووم، بە تەنیشت گۆڕستانێکدا تێپەڕیم، خەڵك پێان دەگوت گۆڕستانی ئینگلیزەکان یان گۆڕستانی گاوران. رەنگبێ سەدان جارو پتریش بەوێدا تێپەڕبووبووم. تەواوی ئەو گۆرستانە تایبەت بوو بەو ئینگلیزانەی لەجەنگی داگیرکردنی عێراق و وەدەرنانی تورکدا کوژرابوون و مردبوون. گۆڕەکانی نێو ئەو گۆڕستانە، کە هەموو سەر بەئایینی عیسایی بوون، بە پێچەوانەی گۆڕستانی موسڵمانانەوە، پاکوخاوێن و رێکوپێك بوون. وەك گۆڕستانەکانی ئەوروپا، هەر گۆڕەو نیشانەی خاچێکی لەسەر بوو و نێوی مردووەکەو مێژووی لەدایك بوون و مردنی مردووەکەی لەسەر تۆمارکرابوو. لەنێو ئەو گۆڕانەدا گۆڕێك هەبوو، دەیانگوتێ گۆڕی (مۆد) فرێدریك ستانلی مۆد (**/11 / 1917 18- 1864 /6/24 Frederick Stanley Maude**) ئەو ژەنەراڵەیە، کە سەرلەشکری هێزەکانی بەریتانیا بوو بۆ داگیرکردنی عێراق. بەریتانیەکان، بە هۆی بەرەنگاری هێزەکانی تورکەوە لای موسڵ لەکوردستانەوە، پێیان نەکرا ئەوێ بگرن، بەڵکە لەپێشداو لە ١٩١٧ دا بەغدایان گرتوو لەکۆتایی ساڵی ١٩١٨ شدا ئیدی موسڵیش گیرا. ١١ ی مارسی ١٩١٧، هێزەکانی لەشکری بەریتانیا، تورکی عوسمانیان لەبەغدا وەدەرنا و چوونە نێو بەغداوە، ژەنەراڵ ستانلی مۆدی بەرپرسی ئەو لەشکرە لەگوتەیەکیدابۆ خەڵکی بەغدا گوتی: "ئەی خەڵکی بەغدا، وا ئازادی هات. ٢٦ نەوەیە ئێوە بە دەستی چەندین چەوسێنەرەوە، کە هەوڵی لەتو پەتکردنی عەربیان دەدا، دەناڵێنن. ئەوەش سیاسەتێکە بەریتانیای مەزن و هاوپەیمانانی قینیان لێ دەبێتەوە، چونکە لەهەر جێگەیەك دوژمنکاری و خراپ بەکاربردنی دەسەڵات هەبێت، لەو جێیە نە ئاشتی و نە خۆشگوزەرانی جێگیرنابن". هەروەها گوتی: "لەشکرەکانی ئێمە وەك داگیرکارو دوژمن نەهاتونەتە نێو وڵاتو باژێرو گوندەکانی ئێوە بەڵکە وەك رزگارکار هاتوون". سەرلەشکری بەریتانیای ژەنەراڵ ستانلی مۆد ئەوەشی رونکردەوە، کە نەتەوەیی عەرەبەکان ئەوانەی کۆمەکیان بەلەشکری بەریتانیایی کردبوو، بە شێوەیەك لەهەندێ رووەوە دەسەڵات لەعێراقدا دەگرنە دەست. بە واتایەکی تر، مۆد و لەپشت ئەویشەوە کارگێری بەریتانیاو دەوڵەتی کۆڵۆنیالی بەریتانیا وەك پاداشتێك بۆ هاریکاری کۆمەکی نەتەوەییە عەرەبەکان بە لەشکری بەریتانی، بەڵێنی جۆرە دەسەڵاتو دەم چەورکردنێکیان دانێ. میرنشینی هاشمیەکان بەسەرکردەی حوسەین کوڕی عەلی لەمەککە، لەسەردەمی جەنگدا هاریکاری بەریتانیەکانی کردوو بەشداری راپەڕینی دژی تورکەکانی لەرۆژهەڵاتی رووباری ئوردن (**Transjordanien**) دا، واتا: ئوردنی ئێستاو سوریاو فەلەستینیدا، کرد. حوسەین هەوڵی ئەوەی دەدا، پاش بە دەست هێنانی سەربەخۆیی، بەسەر تەواوی دەڤەرەکەدا ببێتە شا. بەریتانیەکانیش فەیسەڵی کوڕی حوسەینیان هێناو کردیانە شای عێراق. ژەنەراڵو تیۆریزانیی لەشکری کارڵ ڤۆن کلاوشەڤیتز (**– 1831 1780- Carl Von Clausewitz**) دەڵێ: "

جەنگ درێژەپێدانی سیاسەتە، لێ بە ئامرازی دیکە..". جۆرج بۆش و تۆنی بلەیر، کە باسی جەنگی خۆیانی دژ بە عێراق دەکەن، دەڵێن: "ئێمەو وەك رزگارکار نەك وەك داگیرکار هاتووین" ئەو گوتەیەی بۆش و بلەیر هەر ئەو گوتەیەیە، کە ژەنەراڵ مۆد پێش ٨٨ ساڵان گوتیەتی. کە جەنگ درێژەپێدانی سیاسەت بێت، بەڵام بە ئامرازی دیکە، وەك ژەنەراڵ کلاوشەڤیتز دەڵێت، ئەوە ئەمریکا (بە تایبەت) و بەریتانیا (وەك پاشکۆی ئەمریکا)، لەجەنگی عێراقدا چەند مەبەستەکی گرنگیان لەبەرچاو گرتبوو، بۆ قازانجی خۆیان بوون و لەسیاسەتی وڵاتەکانیشیانەوە سەرچاوەیان دەگرتو درێژەپێدانی سیاسەتی وڵاتانی خۆشیانن، ئەو مەبەستانەش لەم چەندخاڵەدا خۆیان دەنوێنن:

١ ـ کۆنترۆڵ کردن و داگیرکردنی سەرچاوەکانی نەوت و بەرهەمهێنانی نەوت، کە قازانجێکی زۆری بۆیان دەبێت.

٢ ـ نیشتەجێبوون و جێگیربوونی هێزو لەشکری ئەمریکا لەناوەندی خۆرهەڵاتی ناڤیندا.

٣ـ چێکردنی بنکەی سەربازی بۆ جەنگی دوارۆژی دژ بە سوریاو ئێران و ئەگەر پێویست بکا وڵاتانی دیکەش.

٤ـ دانانی دەسەڵاتدارێتی و حکومەتێکی سەر بە ئەمریکاو بەریتانیاو پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئاغاو نۆکەری و کۆڵۆنیال ئاسا لەو دەڤەرەدا.

٥ـ کەم کردنەوەو خاو کردنەوەو سستکردنەوەی هەڕەشەو گوشارو پاڵەپەستۆ لەسەر ئیسرائیل و دابینکردنی ئاسایش و ئارامی بۆی.

٦ـ داگیرکردنی بازاڕەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین و وەگەڕخستنی هەرچی زۆرترو بە هێزترو فراوانتری سەرمایەو سەرمایەگوزاری لەو دەڤەرەداو گرێدانی ئابوری ئەو دەڤەرە بە ئابوری ئەمریکاوە.

٧ـ کپکردنەوەو سەرکوتکردنی هەموو دەنگێکی دژە ئەمریکا.

٨ـ پەرەپێدانی تەوژمی ئەمەریکایاندن لەو دەڤەرەدا، ئیدی لەرووی فەرهەنگی و ئابوری و سیاسی و تەنانەت ئایینیشەوە هەر وەك چۆن ژەنەراڵ مۆدی ئینگلیز، بەڵێنی بە عەرەبەنەتەوەییەکان دا، کە دەسەڵاتیان بداتە دەستو ئەوان بکاتە خاوەنی وڵاتو "شافەیسەڵ"ی هێنایە عێراق، ئەمریکایش هەر بەو شێوەیە دوای رووخانی بەعس و سەدام حوسەین داڕوخان و نەمانی دەوڵەتی عێراق، عێراقی نۆژەن و چێکردەوە عەرەبی کردەوە خاوەن دەسەڵاتو داهێنانێکی دیکەشی هێنایە گۆڕێ، ئەویش شێوەی دابەشکردنی پۆست و کارو پایە حکومەتییەکانە بەسەر دەسەڵاتدارەکاندا، لەسەر بنەماو بناغەو بنکەی رەگەزی و ئایین و ئاییترایی نەتەوەیی. ئەو شێوە دابەشکردنی دەسەڵاتەی لوبنان تا رادەیەك فۆتۆکۆپی کراو هێندرایە عێراقەوە. لەعێراقدا تا پێش هاتنی ئەمریکا و داگیرکردنی لەلایەن ئەوانەوەو لەو هەموو ساڵانەی دەسەڵاتداریەتی بنەماڵەی هاشمییان و قاسم و عارفان و بەعسدا، بە هەموو رەگەز پەرستی و هەڵواردنی نەتەوەیی و ئایینی و ئاییترایشیەوە، هێشتا بەم شێوە زەق و لەبەرچاوەی ئێستایی و وەك ئێستا باس لەرەگەزو نەتەوەو ئاییتراو... ئەوانە نەدەکرا. لەو هەموو سەردەمانەی پێشوودا، کەم یان زۆر عەرەب، کورد، تورکمان، شیعە، سوننە، مەسیحی، مەندائی، بەشداری دەسەڵاتیان کردووە، لێنەك بەناوی ئەوەی سەر بەفلانە گرۆن. ئێستا کابرا، کە هیچی لەجەواڵ دانییە، دەبێتە بەرپرسی فلانە دەسگا یان ئەندامی فلانە کۆمیتە، تەنێ لەبەرئەوەی سەر بەفلانە ئاییترایە نەتەوەیە. تەواوی ئەمانە بە نێوی تەوافوقەوە کە دژی سەرەتاییترین پرنسیپەکانی دیموکراتیە، کە ئەوان (ئەمەریکاییەکان، دەسەڵاتدارانی عێراق، سەرکردەیەتی سیاسی کورد)، بانگەشەی بۆ دەکەن. ماریتری ئەمریکایی، کە هەر کەسێکی دژی خۆیان و لەسەنگەری بەرانبەریاندا بووبێت، وەك دیل گرتببێت، تورەگەیان لەسەرناوە نەریتی تورەگە لەسەرنان نەریتێکی کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنگی خاچەهەڵگرانی دژ بە رۆژهەڵاتی ئیسلام. کاتێك ریچچارد لایۆن هارد (**Richird Lion Heart**)ی سەرکردەی خاچەهەڵگران، لەجەنگەکانیدا دژ بە هێزەکانی ئیسلام بە سەرکردەیەتی سەڵاحەدینی ئەیوبی، کە سەربازو چەکدارو پیاوانی ئەیوبی، دوای گرتنی قودس بە دیل دەگرت، تورەگەی لەسەر دەنان. ئێستا ئەوەی ئەمریکا لەعێراقو ئەفغانستان و شوێنەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامدا دەیکات، زیندووکردنەوەی هەمان نەریتەو درێژەپێدان و بەردەوامییەکی هەمان جەنگی خاچپەرستانەیەو سرینەوەی فەرهەنگی ملیۆنان خەڵکی رۆژهەڵاتە. ئەمریکاو ئەمریکایاندن، پاش سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، ئەگەر بە پلەی یەکەم لاوازکردن و سرینەوەی ئیسلام بێت ئەوە تاویزم و هیندۆیزم و بودایزم و کۆنفۆشیانیزم و مەندائیزم و زەردەشتیزم و یارسانیزم و ئیزیدیزم و عەلەویزم... ئەوانەش دەگرێتەوە هیچیان بێ زیان دەرناچن. ئەمریکا، ئەورۆ رۆڵی پۆلیسی جیهانی و نێودەوڵەتی دەلیزێو وەك وڵاتێکی مەزن و زەنگین و پێشکەوتوو و دەسەڵاتدارو خاوەن ئابوریەکی تۆکمەو دەسگایەکی لەشکری پڕ هێزو مەزن و فەرهەنگێکی زاڵ، ئەورۆ تەواوی فەرهەنگەکەی خۆی بەسەر ئەو وڵاتانەی رووبیان تێدەکات دەبەشێتەوەو فەرهەنگی ئەو وڵاتانەو ئایینەکانیشیان دەسڕێتەوەو هەوڵ دەدات بیانکاتە مەسیحی. ئەو مەسیحیەتەی ئەورۆ لەچین، ڤێتنام، ژاپۆن، هینوستان، پاکستان، بنگلادیش، ئەمریکای لاتین، وڵاتانانی ئەفریقیا، رۆژهەڵاتی ناڤین و تەنانەت کوردستانەکەی خۆیشماندا، بەرەوی پەیداکردووە، هەموو ئەمریکاو ئەمریکاییان و خەڵکانی سەر بە ئەمریکا هێناویانەو پەخشی دەکەنەوە. ئەمریکا بێجگە لەبڵاوکردنەوەی مەسیحیەت و قوڵکرنەوەی جیاوازی چینایەتی و دەوڵەمەندکردنی هەندێك و لاتکردنی هەندێکی دیکە، رووی لەهەر وڵاتێك کردبێت، ئایدز، قەحپەخانە، بەنگکێشان، خواردنەوە، قومارخانە، چەقۆکێشی و فەرهەنگی کوشتن و بڕین و لەنێوبردنی لەگەڵ خۆیدا بردووە. وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ڤیتنام و رۆژهەلاتی ئاسیاو ئەفریقیا، نموونەگەلێکی زیندوو لەبەرچاوی ئەو قسەیەن. ئێستاش مۆلگەو سەربازگە چۆڵکراوەکانی ئەمریکا لەو وڵاتانەدا جێی ژیان و حەوانەوەو نیشتەجێبوونی هەزاران ژنی لەشفرۆشن، کە رۆژێك لەرۆژان سەربازانی ئەمریکا، لەو شوێنانەدا، لەگەڵیاندا سێکسیون بە هەڵخەڵەتاندن بێت یان تۆبزی، ژیانیان تێکداون و کردوویاننە لەشفرۆش و لەشفرۆشی بۆتە پیشەیان و بۆیان بووەتە کارێك، کە هەرگیز لێی رزگار نابن و هەموو ژیانیان پێوەی دەتلێنەوە. ئێستا هەزاران منداڵی بێ باوك کە رەنگە سەربازێکی ئەمریکایی بۆ جارێك دووان یا سێیان، لەگەڵ دایکیان دا نووستبێت، لەو وڵاتانە هەن و باوکەکانی خۆیان ناناسن و ژنەکانیش، کە بەو منداڵانەوە رۆژێك لەرۆژان ئاوس بوون، ئەو زەڵامانەی بوونەتە هۆی ئاوس بوونیان ناناسن. لەقورئان دا هاتووە﴿ان الوك اژا دخلوا قریه افسودوها وجعلوا اعیزه اهلیها اژیله وکژالیکه یفعلون﴾٤ واتە "گەلی پادشایان بچنە ناو هەر شارێکەوە، تێکی دەدەن، خەڵکەکەی– هەرکام بە گەورە ناوی هەبێ – سوکایەتی بەسەر دێنن و ئەو تەرزە کارانە دەکەن". ئەگەر پادشایان هاوتای دەسەڵاتداران بن، ئەوە ئەمریکاو تەواوی کۆڵۆنیالیستانی جیهان، وەك نەریتو جۆری بیرکردنەوەو ئامانج و مەبەست، کە دەچنە هەر وڵاتێك بە تێکدان و سوکایەتی پێکردن و وردکردنەوەی خەڵکەکەی و بەشینەوەیان بەسەر ئایین و ئاییتراو زمان و نەتەوەو خێل و هۆزو بنەماڵەو... دەیان شتی دیکەشدا دەست پێدەکەن. ئەورۆ لەو سیاسەتەیاندا لەعێراق سەرکەوتنیان وە دەست هێناوە، ئیسلامیان کردە سوننەو شیعەو وا خەریکە نێوی ئیسلام لەگۆڕێدا نامێنێت. عەرەبیان کردە عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعەو وا خەریکە نێوی عەرەب لەگۆڕێدا نامێنێت هەبن پێیاوابێت، ئەمریکا لەکوردستاندا وەها کارێك پەیڕەو ناکاتو وەها نەخشەیەك پیادە ناکات، ئەوا بە چاولێکردنێکی باری ئێستای باشووری کوردستان و وردکردنەوەی گەلی کوردستان بۆ کورد و تورکمان و کلدان و ئاشووری و نەتەوەی کوردیش بۆ کوردی سوننەو کوردی شیعەو کوردی فەیلی و کوردی ئێزیدی و کوردی شەبەك و کوردی کاکەیی و کوردی جاف و کوردی هەورامی و کوردی نەقشبەندی و کوردی قادری و کوردی سۆران و کوردی کرمانج و کوردی مەسیحی و کوردی موسڵامان و قوتکردنەوەو هەڵتۆقینی دەیان کۆڕو کۆمەڵەو نێوەندی جوێکردنەوەی کورد لەیەکدی، بێجگە لەدوو حکومەتی و سەدان پارتی و گرۆی سیاسی دیکە، نیشانەیەکی زیندوی سیاسەتی نەخشە بۆ داڕێژراوی ئەمریکایە لەهەمبەر تەواوی جیهانی سێیەم و چوارەم، بە کوردستانەکەی ئێمەیشەوە.

ئەو پەیامەی ئەمریکاو جۆرج بۆش و تۆنی بلەیر و تەواوی ئەو دەسڵاتدارە زلانە پێیانە بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین و جیهانی سێیەم و چوارەمی ئەم جیهانەو کوردستانەکەی لەمڕ خۆیشمان هەر ئەو پەیامەیەو درێژەپێدانی ئەو پەیامەیە، کە ریچچارد لایۆن هارتوو ژەنەراڵ مۆد پێیان وابوو و لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان بۆ میزۆپۆتامیاو رۆژهەڵات.

ئەی ڕەقیب سەرمایەکی کەلتوری نەتەوەییەو هی دەستکاری نییە

شاخەوان شۆڕش

ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە هەیە، گوایە هەندێ لەئیسلامیستەکانی پەرلەمانی کوردستان پێشنیاری دەستکاری و گۆڕینی سرووودی نیشتیمانی کورد ئەی ڕەقیب کراوە.. ئەو پێشنیارە لەبۆچوونو تێگەیشتنێکی ئیسلامیستانەوە سەری هەڵداوە کە بەکارهێنانی نیشتیمان وەکو ئایین وەکو خۆیان دەڵێن بە "حەرام" دادەنێن. بە بڕوای زۆر ئەگەر ئیسلامیستەکان دەسەڵاتدارین، ئەو سرووودە لادەبن و یەکی ئیسلامی لەشوێندا دادەنێن.

ئەی ڕەقیب لەلایەن دڵداری رۆشنبیرو هۆزانڤانەوە داڕشتراوە. دڵدار وەکو هۆنەرێکی کوردستانی و سووتاوی کوردستان، لەو سەردەمەدا کە ئەو و تەواوی خەڵکی کوردستان لەژێردەستەییدا ژیاون، لەو سەردەمەی کە ئازاری چەوسانەوەی نەتەوایەتی باڵی بەسەردا کێشاون، مەترسی توانەوەی گەلو خاکەکەیشی بەڕاشکاوی لەئارادابوون، ئەو هاتووە ئازارو خەونەکانی خۆی، بڕوای بە تینی کوردانەو کوردستانیانەی خۆی لەبۆتەی ئەو هۆنراوەیەدا گوزارشت کردووە. ئەوسا بۆ ئەو شتێکی دیکە نەبووە لەنیشتیمان و کوردستانەکەی ئەو پیرۆزترو بەنرختربێت، بۆیە ئەو هاتووە کوردستانی وەکو ئایینی خۆی تەماشاکردووە. بەو واتایە ئەو دەربڕینەو تێگەیشتنە لەدایکبووی ئازارێکی گەورەو کۆبووی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و جۆرەکانی دیکەی چەوساندنەوە بووە. ئەو مرۆڤە بلیمەتە هاتووە بەو شێوەیە گوزارشتی لەئازارەکانی خۆی و نەتەوەکەی کردووە.

سرووودی ئەی ڕەقیب گوزارشت لەمافی ڕەوای گەلی کوردستان دەکاتو ئاماژە بە مێژوو و کەلتوری ڕەسەنی نەتەوەکەی دەکات. دەیەوێت ڕەوایەتی بوونی کوردستان و گەلەکەی بە دۆستو دوژمن بگەیەنێت. بە ڕەقیب و نەیاران و خەڵکی دیکە دەڵێت، کورد نامرێ و لەپێناوی ئازادیدا ڕۆڵەکانی نیشتیمان ئامادەی گیانبەخشین و شۆڕش و ڕاپەڕینن. ئەو هاتووە ئازایەتی لاوە کوردستانیەکان بە دەوروبەرو داگیرکەران ڕادەگەیەنێت و مێژووی خوێناوی بەرخۆدان وەبیردەهێنیتەوە.

دیارە زۆری نەبرد ئەو هۆنراوەیە لەلایەن رزگاریخوازانی کوردەوە وەکو سرووودی نیشتیمانی کوردستان هەڵبژێردرا، ئەو هەڵبژاردنە لەلایەن هەموو پارچە داگیرکراوەکانی کوردستانەوە پەسندکراو لەزۆربەی بۆنە نیشتیمانی و ناسیۆنالیستەکاندا، لەزۆربەی ئاهەنگە کوردیەکان و کەناڵە رادییۆییە رزگاریخوازو نهێنیەکاندا گوتراوخوێندرایەوە، ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەو دیاردە کوردستانیە وەکو پێشوو بەردەوامە. ئەی ڕەقیب لەلایەن هەموو خەڵکی کوردستانەوە وەکو سرودی نیشتیمانی وەرگیراوەو پەسندکراوە. بەمجۆرە ئەی ڕەقیب لەلایەن دەیان ملیۆن کوردستانیەوە پشتگیری هەیە. ئەو سرووده تێکەڵی بیرو هەستی نەتەوایەتی هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازی کوردستان بووە. ئەی ڕەقیب لەگیانی هەر مرۆڤێکی کوردستانی شۆڕشگێڕدا گەرای کۆڵنەدانی چاندووە. ئەی ڕەقیب سیمبۆلێکی بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی چەوساوەی کوردستان بووە.

خەباتی لەمێژینەی رزگاری کوردستان و دەیان راپەڕینی ناسیۆنالیستانەی گەل دژی داگیرکەران سرودی ئەی ڕەقیبی لەگەڵدا بووەو ئەو سرووده ش وەك سرودی سرووده کان سەیرکراوە. ئەو سرووده تێکەڵی کەلتوری خەباتی کوردایەتی بووەو بەشێکی جیانەکراوەی کەلتورو خەباتەکەیە، بەمجۆرە ئەو سرووده بووەتە سەرمایەکی کەلتوری نەتەوە. لەبەر ئەوەی لەلایەن گەل پەسند کراوەو بە ئازادی و سەربەخۆیی نیشتیمانەوە بەندە، بووەتە بابەتێك کە پەیوەندی بە سەروەری نیشتیمانەوە هەیە.

ئێستاش کە کوردستان هێشتا سەربەخۆ نییەو ژێردەستەیە، لەڕوانگەی کوردستانیانەوە بۆ خەڵکی کوردستان شتێك نییە لەنیشتیمان و رزگاری نیشتیمانەکەی پیرۆزتر بێت. تۆ کە نیشتیمانەکەت داگیرکراو بێت، نەخاوەنی کەسایەتیەکی سەربەخۆی، نەخاوەنی هیچ سەرمایەکی نەتەوەیی، نە کوردستانیەکی ئازادی، چونکە نەتەوەکەت نکۆڵی بوونی کراوەو ددان بە کەسایەتی سەربەخۆی نەندراوە. هەر لەو ڕوانگەیەوە هەرچەندە باشووری کوردستان ئێستا هێزی داگیرکەری لێ نییە، بەڵام لەبەرئەوەی لەچوارچێوەی عێراقدایە، خاوەنی کەسایەتیەکی سەربەخۆو ناسنامەیەکی ناسیۆنالیستانەی سەربەخۆ نییە.

لەلایەکی دیکەوە ئەو سرووده وەکو گوتراوە بۆتە سەرمایەکی خەباتی رزگاریو کەلتوری گەل، دەکرێ هەموو دێڕو ووشەکانی بەدڵی هەندێ کەس نەبن یا لەگەڵ هەندێ لێکدانەوەو بیروبۆچوون یا ئایدۆلۆژیاو ئایین تەبا نەبن، بەڵام ئەوە خۆی لەخۆیدا ڕەوایەتی ناداتە دەستکاری کردنی ئەو گەنجینە نەتەوایەتییە. سرووودی ئەی ڕەقیب کە ئاماژە بە مێژووی دێرین دەکات، سنوورو هۆریزۆنتی کاتو سەردەم، ئایین و ئایدۆلۆژیاکان دەبەزێنێت، نیشتیمان و گەل لەسەروی ئەو دیاردە سەردەمی و بەرەبەرە ئەو سرووده بۆتە سەرمایەکی کەلتوری گەل، دەکرێ هەموو دێڕو ووشەکانی بەدڵی هەندێ کەس نەبن یا لەگەڵ هەندێ لێکدانەوەو بیروبۆچوون یا ئایدۆلۆژیاو ئایین تەبا نەبن، بەڵام ئەوە خۆی لەخۆیدا ڕەوایەتی ناداتە دەستکاری کردنی ئەو گەنجینە نەتەوایەتییە. سرووودی ئەی ڕەقیب کە ئاماژە بە مێژووی دێرین دەکات، سنوورو هۆریزۆنتی کاتو سەردەم، ئایین و ئایدۆلۆژیاکان دەبەزێنێت، نیشتیمان و گەل لەسەروی ئەو دیاردە سەردەمی و بەرەبەرە ئەو سرووده بۆتە سەرمایەکی کەلتوری گەل، دەکرێ هەموو دێڕو ووشەکانی بەدڵی هەندێ کەس نەبن یا لەگەڵ هەندێ لێکدانەوەو بیروبۆچوون یا ئایدۆلۆژیاو ئایین تەبا نەبن، بەڵام ئەوە خۆی لەخۆیدا ڕەوایەتی ناداتە دەستکاری کردنی ئەو گەنجینە نەتەوایەتییە. سرووودی ئەی ڕەقیب کە ئاماژە بە مێژووی دێرین دەکات، سنوورو هۆریزۆنتی کاتو سەردەم، ئایین و ئایدۆلۆژیاکان دەبەزێنێت، نیشتیمان و گەل لەسەروی ئەو دیاردە سەردەمی و بەرەبەرە ئەو سرووده بۆتە سەرمایەکی کەلتوری گەل، دەکرێ هەموو دێڕو ووشەکانی بەدڵی هەندێ کەس نەبن یا لەگەڵ هەندێ لێکدانەوەو بیروبۆچوون یا ئایدۆلۆژیاو ئایین تەبا نەبن، بەڵام ئەوە خۆی لەخۆیدا ڕەوایەتی ناداتە دەستکاری کردنی ئەو گەنجینە نەتەوایەتییە. سرووودی ئەی ڕەقیب کە ئاماژە بە مێژووی دێرین دەکات، سنوورو هۆریزۆنتی کاتو سەردەم، ئایین و ئایدۆلۆژیاکان دەبەزێنێت، نیشتیمان و گەل لەسەروی ئەو دیاردە سەردەمی و

بگۆڕانەدا دادەنێت.

ئەی ڕەقیب بە شەوورۆژێك نەبۆتە ئەی ڕەقیب، بەرهەمی خوێنی سەدان هەزار مرۆڤی نەمرە، بەرهەمی ئێشوئازارو خەباتی دەیان ساڵەی تەواوی ناسیۆنێکە، سرووودی بەرخۆدانی گەلی کوردستانە، ئەگەر ئەو گەلە هەموویان لەسەر لابردنی تەبا بوون، ئەوسا دەکرێ ئەو سرووده لابردرێت، نەك بگۆڕدرێتو دەستکاری بکرێت.

خوا نەخواستە ئەگەر زۆرینەی پەرلەمان پشتگیری پێشنیارێکی ئاوایان کرد، ئەوە پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەرایەتی تەنها بەشی باشوور دەکات، لەلایەك نوێنەری هەموو پارچەکانی کوردستان نییە، لەلایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی ئەو سرووده لەبەرئەوەی ئەو سرووده سەرمایەکی نەتەوەییەو پەیوەندی بە سەروەری گەلەوە هەیە، پەرلەمانی باشوور بۆی نییە دەستکاری بکات. دەستکاری هەرشتێکیش کە ئەو بەها نەتەوەییە بەرزەی هەبێت لەتوانای پەرلەماندا نییە.